هەربەم بۆنەیەوە لەئوتێل سلێمانی پالاسدا چاومان کەوت بەبێژەری دەنگ رەسەن دەنگی راپەڕین بەڕێز فەرهاد سەنگاوی سەرەتا ئەم کاتەت باش

زۆر سوپاس هەموو کاتێکتان شاد.

*ئەمڕۆ گەلی عێراق بەرۆژێکی مێژوویی تێپەردەبێت ئەوەتا دەسەلاتدارانی بەعس بەغدا بەجیٚ دەهێڵن‌و تۆی بەڕێز بۆ ئەم رۆژە چی دەلێیت؟

- ئەمڕۆ بەشێك لەئاواتەکان‌و ئامانجەکانی گەلی کورد خۆزگەو خۆشی هەموو تێکۆشەران‌و دایکی شەهیدان بەشێك لەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد ئەبینم جێبەجێئەبیٚ.

*چەندین سالە گەلانی عێراق بەباشوورو باکورو ناوەڕاستیەوە چەندین جۆر چەوساندنەوەو کوشتن‌و کوشتاری بینیوە وەکو ئەنفال‌و کیمیابارانی هەلەبجەو تاکە کوژیو کۆمەلکوژیو هەولیاناداوە کەکۆتایی بهێنن بەسیستەمی رژێمی بەعس ئایا حاکمی سەربازی ئەمریکا پەیامی کۆتایی هێنانی ئەو جۆرە چەوساندنەوانەو دلنیایی ئەدات بەگەلانی عێراق؟

–من نازانم بەلام ئەگەر حوکمەتێکی پێشکەوتوی مۆدێرنی مەدەنی لەقۆناغی یەکەمدا نالێم بەلام لەدوای ئەم قۆناغەدا ئینتقالییە دروست بێت ئەوا زۆر باشە ئیتر ناتوانم لەوە زیاتر بلێم.

*بەلام رات چییە بەرامبەر حاکمی عەسکەری؟

–گەر حکومەتی مەدەنی نەبێت بۆ عێراق و کوردستان پێم خۆشە حوکمێکی ئەمەریکی بێت.

**رۆژنامە نووس**

**سابیر محمود داماو**

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت